# ووتی: ئایا نوێژ بکەم لە گەوڕی پەزدا؟ فەرمووی: بەڵێ، ووتی: ئایا نوێژ بکەم لە شوێنی پشوودانی وشتر؟ فەرمووی: نەخێر

لە جابری کوڕی سەمورەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کرد؛ ئایا دەستنوێژ بگرم لە پاش خواردنی گۆشتی پەز -مەڕ وبزن-؟ فەرمووی: «ئەگەر ویستت دەستنوێژ بگرە، وئەگەر ویستت دەستنوێژ مەگرە»، ئایا دەستنوێژ بگرم لە پاش خواردنی گۆشتی وشتر؟ فەرمووی: «بەڵێ، دەستنوێژ بگرە لە پاش خواردنی گۆشتی وشتر»، ووتی: ئایا نوێژ بکەم لە گەوڕی پەزدا؟ فەرمووی: «بەڵێ»، ووتی: ئایا نوێژ بکەم لە شوێنی پشوودانی وشتر؟ فەرمووی: «نەخێر».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرمووده‌کە: (ئایا دەستنوێژ بگرم لە پاش خواردنی گۆشتی پەز -مەڕ وبزن-؟): ئەمە پرسیارکردنە لە لایەن هاوەڵێکەوە سەبارەت بە گۆشتی مەڕ وبزن، ئایا پاش خواردنی گۆشتی مەڕ وبزن مەرجە مرۆڤ دەستنوێژ نوێ بکاتەوە بۆئەوەی نوێژ ئەنجامبدات یان مەرج نییە؟ فەرمووی: (ئەگەر ویستت دەستنوێژ بگرە، وئەگەر ویستت دەستنوێژ مەگرە): پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بژاردەی پێیدا لە نێوان ئەنجامدانی دەستنوێژ و وازلێهێنانی، هەردوویان دروستن. (ئایا دەستنوێژ بگرم لە پاش خواردنی گۆشتی وشتر؟): واتا ئایا واجبە لە پاش خواردنی گۆشتی وشتر دەستنوێژ نوێ بکەمەوە بۆ نوێژ ئەنجامدان، یان مەرج نییە؟ فەرمووی: (بەڵێ، دەستنوێژ بگرە لە پاش خواردنی گۆشتی وشتر): بەڵێ، واجبە پاش خواردنی گۆشتی وشتر دەستنوێژ نوێ بکەیتەوە ئەگەرچیش گۆشتێکی کەم بخۆیت، بەڵام دەستنوێژگرتنەوە لە پاش خواردنەوەی شیر وشلەی (مەرگەی) گۆشتی وشتر واجب نییە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی نەکردووە بە هۆزی (عورنییەن:العُرَنِيِّينَ) بەوەی دەستنوێژ نوێ بکەنەوە لە پاش خواردنی شیری وشتر، لەکاتێکدا فەرمانی پێیانکرد کە شیرەکەی بخۆنەوە، ودواخستنی ڕوونکردنەوەی حوکم لە کاتی پێویستدا دروست نییە -جائیز نییە-. (ووتی: ئایا نوێژ بکەم لە گەوڕی پەزدا؟): واتا ئایا دروستە لەو شوێنانە نوێژ بکەم کە پەز -مەڕ وبزن- تێیاندا دەمێننەوە. (فەرمووی: بەڵێ): واتا دروستە مرۆڤ لە گەوڕی پەزدا نوێژ بکات چونکە هیچ ترسێک نییە لە پەزەکان -کە هێرشی بکەنە سەر یان پەیوەندی بە جۆری پاشەڕۆکەی هەیە-. (ووتی: ئایا نوێژ بکەم لە شوێنی پشوودانی وشتر؟): واتا ئایا دروستە لەو شوێنانە نوێژ بکەم کە وشترەکان پشووی تێدا دەدەن ودەمێننەوە بۆ خەوتن خواردن وخواردنەوە. (فەرمووی: «نەخێر»): واتا لەو شوێنانە نوێژ مەکە؛ چونکە ترس هەیە لەوەی وشترەکە هێرش بکاتە سەرت بەهۆی هاری وشترەوە لە هەندێک حاڵەتدا، ئەمیش نوێژخوێن تووشی زیان وترس وداچڵەکاندن وشتی تر دەکات -یان لەوەیە پەیوەندی بە جۆری پاشەڕۆی وشترەوە هەبێت-، بەڵام لە پەزدا ئەمە بوونی نییە وزیان وئازار ناگەیەنێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee